# خەبات و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان، لەبەرانبەر هەڕەشەکانی حیزب و بەستنی دەم و گوێ و چاویاندا بەیاسایی !.

**ئەمیر قادر – هۆڵەند**



Khadir8@Yahoo.com

ئەگەر بکرێت قسەیەک لەسەر پانۆرامای یەک ساڵی رابردوو بکەین لەپەیوەند،بەخەبات و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستانەوە ،تایبەت تریش لەوە لەسەر ئازادیەکان و خەبات بۆ ژیانێکی باشترو مرۆڤانە تر چەند قسەبکەین و لەبەرانبەر ئەمەشدا پەلامارو هەوڵەکانی دەسەڵاتداران و حیزبە دەسەڵاتدارەکان دژ بەخەڵک سەرنج بدەین،شتێکی گرنگمان دەست دەکەوێت،کەدەست پێکردن و ڕەوتی ڕوولەپێش ویەکگرتووانەی ناڕەزایەتیەکان،چاو کردنەوەی خەڵک وئاسان تر دەستدانە ناڕەزایەتی ورزگار بوونیان لە دێوجامەی دەسەڵاتی خۆماڵی و حکومەتی ساوایە.




ئەگەر ئەم پانۆرامایە لێکۆڵەرەوەیەک کۆی بکاتەوە،ڕەنگە شتێکی بەم شێوەیەی

دەستبکەوێت،نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان لە زستانی پاردا بۆ نەوت و بەنزین،خۆپیشاندان و نارەزایەتی خوێندکاران بۆ داخوازیەکانیان لەچەشنی دەرماڵە وباش کردنی باری ژیان وخوێندنیان،نارەزایەتی شوفێرەکان،نەخۆش خانەکان،پۆلیس،کارمەندان،کرێکاران،ژنان،خەڵکی دێهاتەکان،نارەزایەتی دژ بەلەشکر کێشیەکانی دەوڵەتانی دراوسێی وەک ئێران و تورکیا،دژ بەداخستنی بارەگای هەندێک هێزو لایەن، نارەزایەتی خەڵکی گەرمیانی و کەس و کاری ئەنفالەکان و هەڵەبجەییەکان لەسەر دۆزی تاوانباران و بەرگری بەرپرسانی کورد لەتاوانباران و شەفاعەت بۆ کردنیان، دکتۆرو دەرمان و باشکردنی باری ژیان و گوزەرانیان،نارەزایەتی خەڵکی کەرکووک بۆ گێرانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان،،هتد،لەسەر هەمووشیانەوە نارەزایەتی و دەنگ هەڵبرینی رۆشنبیران و نوسەران ئەهلی قەڵەم بۆ بوونی مەودایەکی فراوانتر بۆ ئازادیەکان و لەوانەش ئازادی رۆژنامەگەری،ئەم توێژە بەهۆی ئەوەی لایەنگری ئازادیەکان بووە و خستونیە بەر چاوی خەڵک و لەلایەکی تریشەوە پۆخڵەوات و لایەنە تاریک و نادیارو نا عادیلانەکانی بەرپرسانی خستۆتە روو،هەمیشە لەبەرانبەرزەخت و زۆرو سنووردار کردنەوەدا بووە.




گرتن و رفاندنی چەندین رۆژنامە نووس و کوتەک کاری کردنیان،هەرەشەو زیندانی کردنیان،داگایی کردنیان،ناوزراندن و مەلەف بۆ دروستکردنی کەسانی قەڵەم بەدەست و نارازی،نان برین و هەژارکردنیان، کەکۆتاییەکانی بە رێکەوتن نامەی نێوان یەکێتی و پارتی دێت کەلەبەرانبەر مەسەلەی مەلەفەکاندا کەبەشێکی زۆری ئەو مەلەفدارانە بربرەی رێکخستنەکانی حیزب و حکومەت پێک دێنن یان لەتەنیشت دەسەڵاتدارانەوە جێگەو رێگەی پاشایان هەیە.کۆتایی ئەم سینارۆیە بە خستنە گەری یاسای رۆژنامەگەری دێت،کە درێژبوەوەی هەمان رێکەوتنی دوو حیزبی دەسەڵاتدارە بۆ پاراستنی بۆرژەوەندیە حیزبیەکانیان، کەهەموو کەناڵەکان و هەوڵەکانی خستۆتە گەر،دیارە بوونی یاسایەکی چاپەمەنی و رۆژنامەگەری و راگەیاندن،هیچ قسەیەک هەڵناگرێت و کارێکی زۆر باشە بۆ بارودۆخێکی وەک کوردستان (کە فەوزای قەڵەم و قەڵەمی نەخوێندەوارو نارۆشنبیرو تەمەڵ،نرخی نووسین و کاری نووسینی کردووەبەسفر. لەبارو دۆخێکدا زۆرینەی ئەوانەی لاپەرەو ماڵپەرەکان پردەکەن ئەوانەن کەلەهەموو بوارێکدا فەشەلیان هێناوەو نانێکیان پێ پەیدانەکراوە ورویان کردوەتە نووسین،وەک ئەوەی کاری نووسین پر زەحمەت ترین پێشە نەبێت!،کەم نین ئەوماڵپەرانەی کەهیچ زانیاری و ووشەیەکی پاک فێری خوێنەرەکانیان ناکەن و تاکی کوردیان کردووە بە چەند چاوو زۆر لەقەڵەماکانی دەسەڵات خزمەت بە جەهل و

دواکەوتویی زیاتر دەکەن،بۆ هەل و مەرجێکی ئاوا یاسایەک کە ئەم فەوزایە ڕێک بخات و نرخ و بەهای نوسین وکاری ڕاگەیاندن بخاتەوە جێی خۆی زۆر گرنگە)،بەڵام وەک باسم کرد ئامانجی ئەم یاسایە ئەمە نیە،بەڵکو پاوانکردنی زیاتری هەموو مەوداکانە کەدوای ڕاپەڕینی 1991ی خەڵکی کوردستان هاتونەتە ئاراوەو

دانی پانتاییەکەی هەرچی زیاترە بە حیزب ودەستوپێکانی بۆ ئاسانتر لغاو کردن و دەستەمۆکردنی هەموو هەوڵێک کەلەدەرەوی دەژی.

چەند قسە کەلەم پەیوەندەوە کردمان دەمان گەیەنێت بە ئەنجام گیریەکی پوخت،کایە سیاسی و دیموکراتیەکان لەم کونجە دورەی کوردستان دەستیان پێکردووە،خەڵک و هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بۆ مافو داخوازیەکانیان بەدەنگ دێن و خەبەریان بۆتەوە،حیزب و حکومەتەکانی حیزب و توێژێک لەوانەی لەدەوری دەژین خۆیان پرچەک کردووە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان،لەبری ڕێکخراوێکی قوتابیان 4 دانەیان بۆ لاوان قوتابیان داناوە،لەبری سەندیکایەک چەندین گروپیان دروستکردووە،لەبری دەزگایەکی ئاسایشی نەتەوەیی هەرحیزبەو خۆی دانەیەکی هەیە بە زیندان و دەزگاکانیەوەە،لە بری کەناڵێکی ڕاگەیاندن چەندینیان هەیە کە برێکیان خەریکن هێندەی کەناڵە گەورەکەنی دونیا کارمەندو سەرفیاتیان هەیە،هەتا دەستیان بۆ هەمووبوارەاکانی کۆمەڵگای مەدەنیش بردووە،کەم حیزب هەیە بە ناوی دیموکراتی یان مەدەنی یان خەڵکی گۆڤارو ڕۆژنامەی نەبێت. شتێک کە زۆر خۆی ڕێک نەخستووە و سەرو سیمای نیە ڕێکخراو و کۆمەڵە واقعیەکانن کە بۆ بەرگری لە ئازادی لەمافەکانی خەڵک دەبێت هەبن و بێنە ئەم شەڕی بەرژەوەندیانەی خەڵکەوە. تا کێرڤی دەستکەوت و بەدیهاتنی داخوازیەکان بچێتەسەر لەبەرانبەر دەسەڵاتدا بالابەرزبوونی ئەم کۆمەڵ و ڕێکخراوانە لەبەرانبەر ڕێکخراوە شکڵی و خەسێندراوەکانی حیزب و حکومەتدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە.